www.kurdistannet.org
9-2-2006 12:41بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

دادگایی صدامیشتان بەش کرد ... ڕەفعەت هەڵەبجەیی

سیاسی و ڕۆشنبیری زیرەك و ووریا ئەو کەسە نیە کە لێکۆڵینەوە دوای ڕووداوەکان دەکات و کردەوە سیاسیەکان تاوو توێ دەکات.
بەڵکو کەسی ووریاو تێگەشتوو لە دنیای سیاسەت ئەو کەسەیە کە نیەت و ناخی سیاسەتمەداران و دەسەڵات دەخوێنێتەوەو پێشبینی ڕووداوەکان دەکات.
لە ووتارێکمدا ئاماژەم بۆ ئەوە کردبوو کەوا ئەو دوو حیزب و ئیدارەیە یەکیان نەگرتۆتەوە دواتریش ناتوانن یەك بگرنەوە لە سەر سیستەمی پەنجا بە پەنجا دەڕۆن هەتا چەند ساڵێکی تریش.
چونکە ئەوان هەرگیز بڕوایان بە بنەماکانی دیموکراتی و کۆمەڵگای مەدەنی نیە و یەکتریان قەبوڵ نیە.
پەنجا بە پەنجایەکی کۆمێدی یەکێتی و پارتیتان بۆ باس دەکەم لە ساڵی ١٩٩٢ -١٩٩٣ کە ئەو کاتە خوێنکاری کۆلێژی یاسا بووم لە زانکۆی ێلاح الدین لە هەولێر ساڵی ١٩٩٢ کە خوێندن لە زانکۆ دەست پێکرایەوە من لە قۆناغی یەکەمی یاسا بووم قوتابیەکی (نابینا) وەر گیرا لە کۆلێژی یاسا کە سەر بە خوێندکاران بوو لە حیزبی یەکێتی.
قوتابیانی سەر بە لیستی پارتی دەرەنگ و نیوەی ساڵ بەم کارەیان زانی بۆیە بۆ ساڵی ١٩٩٣ ئەوانیش قوتابیەکی (نابینا) یان هێناو ئەو هاوکێشەیەیان ڕێك کردەوە.
لە کۆلێژی ئادابیش هەمان کار دووبارە بوویەوە.
لە هەمووی گاڵتەجاڕی تر دادگایی کردنی ێدام بوو. نە دەکرا دوو دادوەر لە یەك کاتدا دابنرێن بۆ دادگایی کردنی، ئەگینا یەکێکیان لە ئیدارەی سلێمانی ئەبوو ئەوی تریان لە ئیدارەی هەولێر. من ڕێزم هەیە بۆ هەردوو دادوەر و هەردووکیشیان ئەناسم و یەکێکیشیان هاوشاریمەو دادوەری بە توانان بەڵام بۆ ئەوەی تەنیا جارێك ئەو دوو حیزبە لە کردای پەنجا بە پەنجا بە دوور بونایە نەدەکرا هەر لە سلێمانی کە چەندین دادوەری بە تواناو خاوەن پسپۆڕی تێدایە دادوەرێکی تر جێگەی حاکم ڕزگاری بگرتبایەتەوە یان پارتی قەبوڵی نەکرد و ئەویش داوای بەشە دادگایی کردنی خۆی کرد.
هەموو کارو کردەوەیەکی هاوبەش لە نێوان ئەو دوو ئیدارەیەدا جێ بە جێ ناکرێت و پیادە نابێت هەتا پەنجا بە پەنجا نەبێت، من زۆر پێشبینی دەکەم کەوا ساڵی ٢٠٠٧ کێشەی کەرکوك و گەڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان ببێتە قوربانی کردای پەنجا بە پەنجا نەزانرێ کەرکوك بۆ سەر چ ئیدارەیەك بگەڕێننەوە لە داهاتوودا ئەم پێشبینی یە ڕووداوێکی سیاسی یە و بە چاوی خۆمان دەبینین